**یەکگرتووی ئیسلامی: خۆمان خاوەنی خۆمانین و کەس ناتوانێت دەست لەکارەکانمان وەربدات ... پشتیوان جەمال**

سلێمانی

دابەزینی لیستی یەکگرتوو بە تەنیاو جیابوونەوەی لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی مانگی داهاتووی عێراق دەنگدانەوەیەکی بەرچاوی لەنێو خەڵک و لایەنگرو میدیاکانیشدا ناوەتەوە. مامۆستا سەمیر سەلیم بەرپرسی مەڵبەندی یەکی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەلێدوانێکیدا بۆ ئاسۆ ڕایگەیاند کە لەدوای هەڵبژاردنەکەی پێشوو هیچ بڕیارێک نەبووە بۆ مانەوەی یەکگرتوو لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی، هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە ئەمجارە ئەوان نەچوونەتە ناو لیستی هاوپەیمانی نەک ئەمان جیابووبێتنەوە بەڵکو وەک مامۆستا سەمیر ڕوونیکردەوە جیابوونەوەی ئەمجارەی لیستی یەکگرتوو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گەندەڵییەی لەهەرێمی کوردستاندایە کە بەبڕوای ناوبراو هەر ئەو گەندەڵییە سیاسییەیە کە گەندەڵی دارایی و ئیدارایشی دروست کردووەو وتی "ئەو گەندەڵیانە دەبێت لە ڕێی دەستوورەوە نەهێڵدرێن، دەستووریش لە پەرلەمانی عێراقیەوە دەست پی دەکات بۆیە ئێمەش بڕیارماندا کە بە لیستێکی سەربەخۆ دابەزین و بگەینە پەرلەمانی عێراق".

بەرپرسی مەڵبەندی یەکی یەکگرتوو ئەو دەنگۆیانەشی ڕەتکردەوە کە باس لە کاریگەری ناوخۆو دەرەوەی یەکگرتوو دەکەن بۆ ئەو جیابوونەوەیەو ئەوەشی وت کە هیچ هێزێک نییە بتوانێت بڕیاری خۆی بەسەر ئەواندا بسەپێنێت و وتی"ئێمە خۆمان خاوەنی خۆمانین و کەس ناتوانێت دەست لەکارەکانمان وەربدات".

بڕیاردانی جیابوونەوەی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەهەڵبژاردنەکانی کانوونی یەکەمی ئەمساڵ لەلیستی هاوپەیمانی کوردستان جۆرێک لە دوودڵیو گومان و مەترسی بۆسەر بەرژەوەندییەکانی کورد لای هەندێک لە هاوڵاتیان دروستکردووەو هەندێکیان ئەمە بەکارێکی"باش و دڵخۆشکەر"ناو دەبن و هەندێکی تریش پێیان وایە بارودۆخەکە ناسکەو ئەم جیابوونەوەیە بە زەرەرێکی گەورە بۆ داهاتووی کورد لەعێراقدا دەشکێتەوە. لەلایەکی دیکەوە هەندێکی تر لەو باوەڕەدان کە لیستی هاوپەیمانی هێندەی جیابوونەوەو مەترسیی یەکگرتوو تووڕەی کردوون ئەوەندە جیابوونەوەی کۆمەڵی ئیسلامیان لەهەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی ڕابردوویان بەلاوە گرنگ نەبوو.

هیوا ئەحمەد کە دوکاندارێکی تەمەن 28ساڵە ئەم جیابوونەوە بەهەنگاوێکی باش و دڵخۆشکەر ناو دەبات و پێی باشە کە گەمە سیاسییەکە تەنها لەیەک لیستدا کۆنەبێتەوە تا "بتوانرێت ململانێیەکی سیاسی لەنێوان لیستەکاندا دروست ببێت"، بەبڕوای هیوا یەکێتیو پارتی ماوەی چەندین ساڵە گۆڕەپانی سیاسی کوردستانیان قۆرخ کردووەو ڕێگە نادەن پارتێکی تر بگەنە دەسەڵات و دەڵێت"لەو باوەڕەدام یەکگرتوو بتوانێت دەنگێکی باش بەدەست بهێنێت چونکە ڕەنگە ئەو جیابوونەوەیە لەسەر داوای لایەنگرانی خۆی بووبێت"، ئەو زیاتر دواو ئەو تۆمەتانەشی ڕەتکردەوە کە گوایە یەکگرتوو لەسەر کورسی وا دەکات و

ئاماژەی بەوەدا كە ئەم جیابوونەوەیە تەنها لەبەر گەندەڵییە.
بەشێكی تری هاوڵاتیانیش لاریان لەوە نییە كە گەندەڵی هەیە لەئیدارەكاندا بەڵام پێیان وایە كە یەكگرتوو دەیەوێت بەناوی ئیسلامەوە بگاتە دەسەڵات، هوشیار محەمەدی تەمەن 34ساڵ باسی لەوە كرد كە ئەم هەنگاوەی یەكگرتوو بە نیسبەت كوردەوە كارێكی"خراپە"چونكە بەبڕوای ئەو وا باشترە كورد یەک دەنگ بێت نەک پەرت و لاواز بێت، هەروەها هوشیار ئەوەشی وت كە یەكگرتوو دەگەڕێتەوە بۆ لایەنە سوننەكان. بەپێچەوانەی هیوا-وە هوشیار دەڵێت"جیابوونەوەی یەكگرتووە تەنها لەسەر كورسییە نەک لەسەر گەندەڵی".
هەندێكی تریش پرسیاری ئەوە دەكەن كە ئەوەندەی لیستی هاوپەیمانی بەجیابوونەوەی یەكگرتوو دڵ گەرم بووە هێندە گوێی بە جیابوونەوەی كۆمەڵی ئیسلامی نەدەدا. لەو ڕووەوە دانا ڕەئووفی تەمەن 25ساڵ كە خوێندكاری زانكۆیە تێڕامانی خۆی لە لێدوانی هەندێک بەرپرسی لیستی هاوپەیمانی دەردەبڕێت و لەهەمان كاتیشدا دەپرسێت و دەڵێت"باشە بۆچی جیابوونەوەی لیستی كۆمەڵ لەهەڵبژاردەكانی پێشوودا ئەوەندەی جیابوونەوەی ئێستای یەكگرتوو؛ لیستی هاوپەیمانی پەست نەكردبوو؟".

محەمەدساڵحی تەمەن 62ساڵیش ئەم جیابوونەوەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ پاڵپشتی كردنی یەكگرتوو لەلایەن ئەندامەكانی خۆی و پارت و دەوڵەتە ئیسلامییەكانی دراوسێی عێراق، بۆیە ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە كورد لە بارودۆخێكی ناسكدایەو ئەم قۆناغە پێویستی بە یەک دەنگی هەیە نەک جیابوونەوە.

"جیابوونەوەی لیستی یەكگرتوو ئەوپەڕی ئیفلاسی ئەوان دەردەخات"ئەمە دەسپێكی قسەكانی مەحموود زێوەری تەمەن 64ساڵ بوو، ئەو هێندە توڕەبوو لەم خۆجیاكردنەوەیەی یەكگرتوو بە جۆرێک كە وتی"باشە كە ئەم هەموو پارتە یەكیان گرتووەو بە یەک لیست دەچنە دەنگدانەوە بۆ یەكگرتوو خۆی جیا دەكاتەوە؟"، مەحموود درێژەی بەقسەكانی داو ئەوەشی ڕوونكردەوە كە ئەو جیابوونەوەیە لە دەنگی كورد كەم دەكاتەوەو مەترسییەكی گەورەتریش لەسەر كورد دروست دەكات.

بەڵام ئەم هاوڵاتییە ئەوەشی نەشاردەوە كە یەكگرتوو هەست بە گەورەبوونی خۆی دەكات و دەزانێت جەماوەرێكی زۆری لەگەڵدایە بۆیە جیادەبێتەوە.

بەهمەن حسێن ئەندامی مەكتەبی سیاسیی حزبی زەحمەتكێشانی كوردستان كە ئەندامی لیستی هاوپەیمانی كوردستانە بۆ هەڵبژاردنەكانی داهاتووی عێراق وتی"جیابوونەوەی لیستی یەكگرتوو ئیشی من نییەو پەیوەندی بەئێمەوە نییەو یەكگرتوو كەیفی خۆیانە، ئێمە وەک حیزبی زەحمەتكێشان ئەندامی لیستی هاوپەیمانین بۆ هەڵبژاردنەكانی داهاتووی عێراق و بەیەک دەنگ دەچینە ناو پەرلەمانی عێراق".